كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 1:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بانگەوازێک لە پێشمەرگەیەکی شۆرشی ئەیلول و ئەندامێکی 37 ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە... بۆسەرۆک بارزانی بەرێزوکوردپەروە رخۆشەویست... نجم الدين احمد شوان**

سەرۆک چاوە روانین بانگی ئازدای وسەربەخۆیی کوردستان بەم زووانە لەزاری راستگۆیانەتانەوە ببیستین، چونکە ئەی سەرۆکی نەترس وائەمرۆ دۆستەکانمان بەنیازن پشتمان لێ بکەن و بەفیتی هاوپەیمانەکانیان تەڵەمان پێدا بتەقێنن لەپیلانێکی دارێژراو وگەورە تردا تووشی نەکسەیەکی ترمان بکەن لەپیلانەکەی جەزائیری ساڵی 1975گلاوتربێ بەڵام ئەمجارە یان بۆ رازیکردنی تورک.

سەرۆکی نەتەوە یی گەلی کورد، ئێمە باوەرمان بەدڵسۆزی وراستگۆیی و کوردپەروەری بەرێزتان هەیە، بێ شکبن، بەڵام لەیادمانە ساڵی هەفتاو پێنج کۆمارێکان بەرێگەی وە زیری دە رە وەی ئەمەرێکا (هنری کیسنجر) چەند بەنامەردانە ئەو شۆرشە مەزنەیان لێتێکداین ئاخ کەچەند تاڵ بوو، وەهەروەها لەیادمە پێش ڕزگار کردنی عێراق جورج بوش ڕاستەوخۆ لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکانەوە ناوی ئێران وسوریای بە (محوە ری شەڕ) برد، وەپاشان دەستەڵاتی سەدامی ڕوخاند لەعێراقدا وە ئەوەش بووە زە نگێکی مەترسیدار بوو بۆ سەردکتاتۆرەکانی ناوچەکە بەتایبەت ئێران وسوریا کەناویان لە لیستی مەحوە ری شەردا هاتبوو، ئەم ترسە دڵەراوکێیەکی گەورەی خستە دەرونی ئاخوندو عەمامە بەسەرەکانی قوم وتاران وبەعسییە فاشییەکانی سوریاوە، هەر ئەوە ش وایکرد لەفەرمانرە وایانی تاران و دمشق چارە سەرێک بۆ دوا رۆژی خویان بدۆزنەوە، تاکو گەردنیان لەپەتی قەنارە رزگاربکەن، بۆیە ژیرانە لە پێناوی مانەوەی خۆیان کەوتنە دارشتنی پیلان بۆ پەکخستنی ڕە وڕە وەی پرۆسەی ئازادی لەرۆژهەڵاتی ناوە راستدا، ئەویش بەمەشق کردن وراهێنانی کۆمەڵێک عەرەبی ئیسلامی توندڕە و بۆ هەڵمەت بردنە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان لەشوێنە جیاجیاکانی عێراقدا بەخۆتەقاندنەوە وکاری خۆکووژی دژبە بەقەرار بونی دیموکراسی وئارامی لە ناوچەکەدا، بۆیە لەکاتێکی زە مەنی کەمدا ئەم کارە تیرۆرستییە پەرەی سەند و جێی خۆیی کردەوە لەناو دڵی عەرەبە شۆفینیە بەعسییە فاشێکاندا، ئەمەش ئەمەریکای ناچار کرد بەرەنگاری ئەم خۆکوژانە ببێتەوە، بەدەستیکردنە هەڵمەت بردنە سەر هێلانەی تیرۆرستان وە ژمارە یەکی زۆری لێیان دەستگیر کرد، لە لێکۆڵینەوەکاندا دانیان نا بەتاوانەکانییاندا کە لەسوریا مەشقیان پێکراوە پاشان ئاسان کارییان بۆ کراوە بۆ چوونە ژورەوەی ناو خاکی عێراق، هەر ئەوە ش بووە هۆی فشار زیاتر لەلایەن ئەمەریکێکانەوە بۆ سەر هەردوو وڵاتی (ئیران وسوریا ) تاکو کۆنترۆڵی سنوورەکانیان بکەن بۆ رێگرتن لەناردنی تیرۆرستان بۆ ناوخاکی عێراق، ئەم دوو وڵاتە بەنهێنی و پێکەوە، پلانێکی بەهێزو تۆکمە ترِیان داڕشت تاکو زیاتر سوپای ئەمەریکاو کۆشکی سپی و جۆرج بوش هیلاک بکەن، ئەویش بە خۆش کردنی گڕی ئاگڕی دوبەرەکی لە نیوان شیعەو سونەدا. لەم پلانەیان زیاتر سەرکەوتووبوون چوونکە رۆژی (150) کەس دەکوژراو تەرمەکانیان یان ئەخرانە ڕووباری دیجلە وە یان لەدەوربەری شاری بەغدا فرێ ئەدران. ئەم شەرە مەزهەبییە ترسێکی گەورەی خستە هەموو ماڵێکی سنە وشیعەوە، ئەنجامەکەشی ئاوارە بوونی خەڵکێکی زۆری لێکەوتەوە، وە پاڵە پەستۆیەکی زۆری خستە سەر کابینەکەی جۆرج بۆش لەناوەو لەدەرەوەی ئەمەریکا، بۆیە ئەمەریکا ناچار بوو بیرلە چارەسەرییەک بۆ ئەم قەیرانە بکاتەوە، هەر ئەوەش بوو کەسەرکردە سیاسی وسەربازێکانی ئەمەریکا رۆژانە پەیتا پەیتا سەردانی بارەگای سەرۆک بارزانیان ئەکرد و ئەچوونە خزمەتی، وەلەهەمان کاتیشدا هەندێک نەرمییان کێشا بۆ دەسەڵاتی کوردی وە (پۆڵ ڕری) یان لەکونسولگەری بەریتانیا لەکەرکوک دوور خستەوە و یەکێکی نەرمتریان لەجێی دانا لەگەڵ کوردا بگونجێت، چونکە بەچاکی ئەیانزانی ئەگەر کورد پشتییان تێ بکات ناچار دەبن لەدەست تیرۆر هەڵبێن لەعێراق ئەویش شکستێکی گەورە بوو بۆ ئەمەریکا، هەربۆیە بەناچاری سەرۆک بارزانییان بە جلێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردی خاکییەوە دەعواتی کۆشکی سپی کردو وە کو سەرۆکی نەتەوە یی کورد بەخەڵکی ئەمەریکاو جیهانیان ناساند، ئەمەش بۆ کورد دەستکەوتێکی کەم نەبوو، بەڵام ئەوان ئەم کارەیان بەبێ بەرانبەر نەبوو بۆ کورد، واتە بە سیاسەتە زیرەکانەکەی خۆیان سەرۆک بارزانی و سەرۆک تاڵەبانیان ناچر کرد یارمەتیان بدە ن وەلەهەمانکاتدا بەگوێیان بکەن بۆ دەرباز بوونییان لەوقەیرانەی تێی کەوتوون بەراسپاردنی سەرکردایەتی کوردی بەناوبژیکردنی شیعە وسنە لەو شەرە سەخت ودژوارەدا، ئەوکات ئەمەریکێکان فشارییان ئەخستە سەرکورد بەرێگەی مام جەلالەوە بۆئەوەی دڵی سونە رابگرن و پەیوەندی خۆیان بتە وتربکەن لەگەڵیاندا، چونکە بۆیان ئاشکرا بوو بەتوند وتیژی سونەیان بۆ سەرکوت ناکرێ وەلەهەمانکاتدا پشتگیری لە حکومەتەکەی مالکیش بکەن، بەداخەوە سەرکردایەتی کورد بێئەوەی لەپلانی ئەمەریکێکان تێبگات و بیر لەدوارۆژی مللەتەکەی بکاتەوە بەهێزبوونی ئەمەریکاو بەهێزبوونی دەستەڵاتی حکومەتی مەرکەزی ئەبێتە مەترسییەکی خەتەرناک بۆ سەر ئەو نیمچە ئازادییەی لەکوردستان بەرقەرار بووە، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ وماندوبوونەی سەرکردایەتی کورد بۆعارەبەکان، ئەمەریکێکان ئەمرۆ هیچ رێزێک لەسۆزی کورد ناگرن، وە شیعە وسنەش گیروگرفتیان بۆ جێبەجێ کردنی مادەی (140) ئەدۆزییەوە هەریەک لەلای خۆیەوە بۆ پەکخستن وتەتبیقکردنی ئەو مادە دەستورییە، کەچی ئەمەریکێکانیش لەوئاستەدا بەرپرسیارەدا خۆیان گێل دەکرد وجاروبار هەڵوێستەی نارەوایان ئەنواند دژی کورد بۆ نمونە راپۆرتەکەی (بێکەر- هاملێتۆن) بەبێ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری وەزعی کەرکوک بن کردیان بەهەڵا گوایە کەرکوک بەرمیلێک بارووتە و دەتەقێتەوە، لەگەڵ ئەم هەموو فروفێڵەی لەکورد کرا لەلایەن (علاوی وجعفری ومالیکی) ئەمەریکێکانەوە. نوێنەرانی کورد لەبەغدا تەنها بۆ جارێکیش هەڵوێستیان وەرنەگرت دژییان، سەرەرای ئەوەش سەرۆک بارزانی وسەرۆک تاڵەبانی لە بەغدا بۆ ناوبژیکردن و ئاشتبوونەوەی هەردوو باڵی شەرخوازی (سونەو شیعە) یان بەئەرکی سەرشانی خۆیان ئەزانی، بەراستی ئەو ماندووبوونەی سەرکردایەتی کورد لە بەغدا بۆعەرە ب بێ پلانی سەرکردایەتی سیاسی کوردی نیشانمان ئەدا. ئا لێرە دا مەسەلێکی کۆنم بەبیردێتەوە، لەدارستانێکدا شێرێک ئەبێت لەبێشەکەیدا چەند مشکێک ئەبێت ئەم مشکانە شەروتاراتێن ئەکەن ئەوشەرەش ئەبێتە هۆی بێزارکردنی شێرەکە، هەموو ئەزانین شێر لەگەڵ مشکدا هێچی پێناکرێ بۆیە ناچار ئەبێت هەموو گیاندارانی دارستانەکە کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی چارە یەکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، لەومشکانە ڕزگاری بکەن، مام رێوی ئەڵێ قوربان ئەمکارە ئاسانە تەنها یەک پشیلەچارە ی هەموویان ئەکات، بەکورتی پشیلەیەک بۆ بێشەی شێرکە دەهێنن هەر کات مشکەکان سەردەردێنن پشیلەکە میاوێک ئەکات، پشیلەخزمەتێکی زیاد ئەکرێت لە پاداشتی تەنها میاوێک لەلایەن شێرە کەوە، پاش ماوەیەک پشیلەکە چەند بێچووەیەکی ئەبێت وە بێچووەکانی گەورە ئەبن، رۆژێکیان دایکە پشیلەکە دەگەرێتەوە ئەبینێت بێچووەکانی مشکەکانین کوشتووە، دایکە پشیلەکە بەم کردەوەیە زۆر دڵتەنگ ئەبێت ودەست بەگریان ئەکات، بێچووەکان دەپرسن دایکە بۆکارێکی خراپمان کردووە؟ دایکەش لەوەڵامدا ئەڵێت، ئەگەر مشک نەبێت شێر ئێمەی بۆچییە.

ئێمەی کوردیش هەموو دوژمنەکانی ئەمەریکامان لەکوردستان لەناوبرد وەعارە بە تیرۆریستەکانمان لە بەغدا وموسڵ لاوازکرد وە شیعەو سنەشمان ئاشتکردە وە ئیتر ئەمەریکا ئێمەی بۆ چییە؟

نوسەران ورۆشنبیرا ن کورد زۆر هاواریان کرد پێکهێنانی عەرەب لەزە رە رمانە بەداخەوە گوێیان لێنەگیرا تارۆژمان گەیشت بەئەمرۆ.

لەیادمە پاش رزگار کردنی عێراق محمدی حاجی مەحمود لەدانیشتنێکی پەرلەماندا داوای لە پەرلەمان کرد و ووتی لەسەر کەرکوک شەرێکمان لەسەرە بائەمرۆ بیکەین لەسبەیی باشترە بەڵام کەس

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 1:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

گوێی لێ نەگرت، وائەمرۆ دووژمنانی کورد لەسەر کەرکوک شەرمان بەسەردا دەسەپێنن ئەگەر نەیکەین ئەوا خۆبەدەستەوە دانە ئەگەر بیکەین ئەوا زە رە رێکی مەزنمان پێدە کەوێ، ئەم هەرەشەوگورەشەیەی تورکیاش ڕوون وئاشکرایە دەستی ئەمەریکای تێدایە، ئەگەر نا، داگیرکەر پاراستنی داگیرکراوی لەئەستۆیە، ئەی ئەم بێدەنگییەی ئەمەریکا ماستێکی بێمونیە؟

چونکە (موجاهیدین) ش لەلیستی ڕەشدان بۆ ئەمەریکا ناویان ناهێنێت.

ئەگەر مالکیش تۆزیک دۆستی کورد بووایە لەم بارودۆخە ناسکەدا نەیئەوت پەکەکە تیرۆستە، من هەر ئەوەندە بەمالکی ئەڵێم ئەگەر ئەوەندە دڵسۆزی میللەت وخاکی عێراقە، ئەی بۆ دژی (موجاهدینی خەڵق) بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووکان ژمارە (1546) روبەروبوونەوەی تیرۆر جێ بەجێ ناکات، کەبارەگاکانییان لەژێر دەستی خۆیدایە، بەپێچەوانەی بارەگەکانی گەریلای پەکەکە کە لەچییای قەندیلە نەک لەعێراق،

ئەی سەرۆکی نەتەوەیی کورد پێش ئەوەی ماڵی کورد تێکچێت ئەمرۆ تازووە بۆ تێکشاندنی ئەم هەموو پیلان وفروفێڵ وگەلەکۆمەکی وهەرە شە ومەترسییە، پێویستە تەنها وشەیەک لەسەر زاری بەرێزتانەوە ببسترێ، ئەویش بانگی ئازادی سەربەخۆیی کوردستانە وکشانەوە ی وەزیران و پەرلەمانتارانی کوردە لەحکومەتەکەی مالکی بۆ ئەوەی ماڵییان وێران بێت و ئەمەریکاش رسوابێت لە عێراقدا.

نجم الدين احمد شوان
2007/11/03
بێرگن - نەرویج

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.